# کلاو بۆ سەر دەنگدەرانی خەلکی کوردستان

پرسیار لە  هەموو ئەو کوردانە ئەکەم کە رۆیشتن بەقسە بریقەدارەکانی (پارتی و یەکێتی ) بەشداری دەنگدانیان کرد، چۆن حەماسی کوردایەتیتانیان بەرز کردەوە واتان هەست ئەگەر بەشداری ئەو دەنگدانە نەکەن ئەوە خیانەتێکی گەورەتان کردوە بە نەتەوەکەتان .وەکو ئەوەی (پارتی و یەکێتی ) ئەمە یەکەمین پەیمان بێت بە دروشمە جوانەکانیان کلاویان نەکردبێتە سەرتان، یان هەر پەیمانێکیان دابێت بێ یەك و دوو جێ بە جێیان هێنابێت .

بەڵام وا جارێکی تر درۆو دەلاسەکانیان ڕوون بوەوە بۆتان ،کاتێك ئەمانە پێوستیان پێتان بوو چۆن لێتان ئەپارانەوە جۆن پەنایان بۆتان ئەبرد .ئێستا کاتی ئەوە ناهاتوە پێان بلێن ئێمە هەمو داوەکانی ئێوەمان جێ بەجێمان هێنا .

ئێستا کاتی ئەوەیە ئێوەش بەلێنەکانتان جێ بە جێ بهێنن ؟ کوانێ پرۆژەکانتان ؟ کوانی ئێوە پەیمانتان دا کە کوردستان ئاوەدان ئەکەنەوە ؟ کوانی ئێوە وتتان یەك حکومەت و یەك پەرلەمان؟

بەلام بەداخەوە بۆ ئێوەی دەنگدەران زۆر زوو زوو کلاو ئەکەنە سەرتان زۆر زوو  زوو فرێوتان ئەدەن بە درۆکانیان . ئێوەش زۆر زوو زوو سەر چۆپیان بۆ ئەگرن دەست ئەکەن بە ئاهەنگ گێران بە بێ ئەوەی بیری لێ بکەنەوە ئەمە کلاوێکی تر نەبێت بۆ سەرتان .ئێوە تا ئاوها خۆش باوەربن پێیان، ئاوان قەت لەگەل ئێوە راست گۆ نابن .

حەمە ڕەشید---هۆلەندا
khmkazhouw@wanadoo.nl